# کەس گوێ لەم ورتەیە نەگرێ
# کافر دەبن

زاناسامان



پێیان ووتم:
هێشتا زووە، چاوەڕێکە تاخۆر هەڵدێ
لەتەنشیت گوڵە رەعناوە
کزو مەلول چۆك دامابووم،
هەر بەو نیازەی کەخۆم هەمەو
ئاواتم بوو..
یەکەم ڕێگا...
لەدوا لاپەرەی عومری خدرەوە
دەست پێبکەم
لەیەکەم گەشتی پەروانەئاسای
ئێوارە سەرخۆشەکانی مەستییەوە
لە تولوڕێ بێنازەکانی
غەریبی شاعیرە ماتەکانەوە
بەرەو بێگۆڕی(نالی)ە کەم هەنگاو بنێم
بڕۆمو وەك باران
تك..تك
بەسەر لاشەی ماندووەکاندا
بۆ ئاسمانێك بەختەوەریو
بۆ دنیایەك لەووشەی جوان..جوان
بگەڕێم
تا گەیشتن
بە رێ بەرنەدانی مەرگو
تا تێپەرین
بەلای عەشقەکەی یارەوە
تا کرنوش بردن
بۆ ئەو خەونانەی

نەیانزانی بەهێمنی
لەباوەشی گەردن ئازایدا
وەك كوكوختی.. هەڵبنیشن
هەڵبنیشن...
تائەو كاتەی ئەوەندە لە
بێدەنگیدا خامۆش دەبن
هەست بەسوتانی پەنجەكان ناكەن
گوێیان لە قریشكەی شیعرە ماتەكان نابێت
بەبۆنەی ماتڵبوونەوە
بێئاگادەبن لەخورەی گریان
لەبەر سەرچۆپی
لەگەڵ دەنگی كیوبۆردەكان
ئاگایان لە شێتبوونی پەڤێك نامێنیّ و
لە قاڵبوونی خودا دڕوانن،
من دەڵێم و..
ئێوە هەرگیز مەم خوێننەوە
كوفر دەكەم و لاسایم مەكەنەوە
گۆرانی بۆ خۆم دەڵێم و
گویّ رامەگرن
بەدەم ئازاری گەلایەكەوە
پرسە دەگێرم و
لەچوار دەورم دامەنیشن
لەلای بێئەقلی خۆم بیر دەكەمەوەو
لەخەیاڵم مەكەن
بۆ هاودێڕی وێنەیەكم دەگەرێم و
لەداڵغەم مەدەن
تەماشای تەواو بوونی
جگەرەیەكی غەمدان دەكەم و
لێم تێكمەدەن
دەبمە قەلە رەشكەو
بەبالای خۆمدا دەخوێنم
تكایە كە گوێتان لێم بوو

تا دەتوانن
گاڵتەم پێبکەن,
تا هێزتان تێدایە
پێم پێبکەنن
تا ئیلاك دەبن
راومنێن
تا گەرووتان وشك دەبێ
ئوئام لێ بکێشن،
دەزانن بۆ..
نا.. خراپە پێتان ناڵێم
ئاسان نیە نایدرکێنم
ئێ دە ئاخر
شیعر نیە بیلێمەوە
هەتاو نیە بیتروسکێنم
بێدەنگی خواکەشم نیە
خۆمی پێ خەجاڵەت بکەم
بالاش نیە پیایدا هەڵدەم،
من بەتەنها.. لەگەڵ خۆمدا وورتە وورتمەو
هیچ مانیەك
لەنێو ووتنەکنما نیە،
بەقەدەر گوڵە گەنمێك
درۆ لەتەك خۆمدا دەکەم
ئەوەندەی بالاکردنی سنەوبەرێك
چرپە بۆ تەنیایم دەکەم و هیچی تر
گەمە بە بێ ئەقڵیم دەکەم و هیچی تر
رابردوو بەخۆمەوە گرێدەدەم و هیچی تر
نامامێك لەحوزوری بێداریدا دەچێنم و هیچی تر
بەدیار نەفامی دێرێکەوە تاکو سەحەر پێدەکەنم و هیچی تر
تا سوپاسکردنی جێهێشتنم لەم هیچیەدا
تفەنگ بە روناکیەوە دەنێم
بەرماڵ لەلای دەرکی حەوشەکەم دادەخەم
بیر لەوە دەکەمەوە کەببم بەدرك

تا ئاستی پێکەنینێکی گەدا
وەك قاز تەماشای خۆم دەکەم
وەك شەیتان لەخۆم دەڕوانم،
من بەتەنها.. لەگەڵ خۆمدا وورتە وورتمە
تکایە گوێ رامەدێرن
گەر وانەبێ دڵنیابن
شێتان دەکەم
ئەوەی بەزارمدا بێت
پێتان دەلێم
هەرچیم هەیە لەنوکەوە بۆتان ناگێرمەوە!؟
زۆرم لێبکەن
بێعەقڵیتان دەژمێرم
کەڕوڵاڵیتان
دەخەمە فەقیانەی مێژووە وە
دەچم هەرچی
مۆمەکانی نەفامیتانە گڕی دەدەم
هەموو نیگاکانی
سەرە ڕێی دۆراندن کۆدەکەمەوەو
لەبەردەم بریاردا دەیسوتێنم
تەواوی غەریبیتان
بە حەزێکەوە بە بادەدەم،
کە هێشتا (با)
بۆ ساتێکیش ئاوێزانی نەبوو بیّو
کەچی لەغروری خۆیدا
راپۆرتێك لەبارەی ناسینیەوە
بڵاودەکاتەوە
قەڵەم بە تەوەلابوونی مندا دەنیّو
وەك بایەقووش
دەمناسێنیّ
لەلای خۆم زەمم دەکاتو
دەیەوێت..
ناشرینیم بسرێتەوە

درۆزنیم بۆخۆی ببات و
لەسوچی گشت کۆڵانە دۆراوەکان
بەناوی هاژەیەوە
بمڵێتەوە،
ئاخر ئەی تەوەزەلترین(با)
خۆت ماندوو مەکە
لەبەر ئەوەی
چوارسەو سی‌وهەشت وشەم نوسی‌و
لەئازاری ئەم ژانەسەرە
نەگەیشتم
لەکۆتایی ئەم عەزابە
حڵینەبووم

سلیمانی
تەموزی/2007
Zanasaman77@yahoo.com